# مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ناحکومی

## پێناسە

پێدانی مۆڵەتە بۆ کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ناحکومی کە تایبەتن بە فێرکردنی زمانی بیانی، پیشەی جۆراوجۆر و خولی بەهێزکردنی بابەتی خوێندن.

## لایەنی بەرپرس

بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی

## مەرجەکان

پێویستە خاوەن و بەڕێوەبەری پەیمانگاکە فەرمانبەری میری نەبن.

پێویستە ڕەزامەندی و پشتگیری هەریەک لە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەت، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان (پەنجە مۆر)، بەرگری شارستانی) هەبێت.

بڕوانامەی بێتاوانی هاوڵاتیان

وەرگرتنی باجی پیشە و کارە بازرگانییەکان

پێدانی مۆڵەتی بیناکردن بۆ دروستکردنی باڵەخانە و پێشانگا

خاوەنی پەیمانگا ناحکومییەکە بەڵێننامە لە یەکێک لە فەرمانگاکانی دادنوسی بکات، بە مەبەستی پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە.

## تۆمارکردنی بەڵێننامە

پێویستە خاوەنی پەیمانگا دەستەبەری دارایی (كفالة بملغ) لە فەرمانگەی دادنوس بکات.

بۆ هاووڵاتییانی عێراقی بە بڕی (٢٥،٠٠٠،٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار.

بۆ هاووڵاتییانی بیانی بە بڕی (٥٠،٠٠٠،٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار.

دەستەبەری دارایی (الكفالة بمبلغ معين)

پێویستە ڕووبەری بینای پەیمانگاکە لە سەنتەری شاردا کەمتر نەبێت لە (٢٥٠)م، لە قەزا و ناحیەکان کەمتر نەبێت لە (٢٠٠)م.

ناسنامە و بەڵگەنامەکان

(ناسنامەی باری شارستانی، ڕەگەزنامە، کارتی زانیاری) یان کارتی نیشتمانی خاوەنی پەیمانگا.

بۆ هاووڵاتیانی بیانی پاسپۆرت (جواز السفر)، ناسنامەی نیشینگە (الأقامە).

(٢) دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ.

لیستی کەلوپەلی پەیمانگا.

وێنەیەک لە پرۆگرامی فێرکردن بە پێی بەش.

لیستی ناوی مامۆستایان بە پێی پسپۆری و بەش.

کارتی نیشتمانی یان (ناسنامەی باری شارستانی، ڕەگەزنامە، کارتی زانیاری).

بۆ مامۆستایانی بیانی پاسپۆرت (جواز السفر)، ناسنامەی نیشینگە (الأقامە) لەگەڵ بڕوانامەی باوەڕپێکراو.

بڕوانامە یان پشتگیری و (CV) سەرجەم مامۆستایان.

وێنەیەک لە قەواڵەی مولک (طاپو) یان گرێبەستی بە کرێگرتنی بینا.

ماوەی پێویست

لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە، (٢) دوو بۆ (٤) چوار ڕۆژ، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان (٣٠) سی ڕۆژ.

تێچوو

پاڵپشت بە ڕێنمایی پێدان و کردنەوە و نوێکردنەوەی مۆڵەت، بە پێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ کە هاوپێچە:

-ڕەسمی پێدانی مۆڵەتی هەر بەشێک بۆ هاووڵاتی ناوخۆ (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار.

-ڕەسمی پێدانی مۆڵەتی هەر بەشێک بۆ هاووڵاتی بیانی (٧٠٠،٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار.

ڕێکار و هەنگاوەکان

خزمەتخواز سەرەتا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەی دەکات.

سەردانی ژووری بەڕێوەبەری گشتی دەکات، بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکاری و وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی.

سەردانی ژووری بەشی فێرکردنی پیشەیی دەکات، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێکارەکان و دانانی ڕێکەوتی لیژنەی پشکنین بۆ بیناکە.

دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆ بیناکە خزمەتخواز دووبارە سەردانی بەشی فێرکردنی پێشەیی دەکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی نوسراوی ڕەزامەندی و پشتگیری هەریەک لە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەت، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان (پەنجە مۆر)، بەرگری شارستانی) هەبێت.

بڕوانامەی بێتاوانی هاوڵاتیان

دوای بە دەستهێنانی ڕەزامەندی سەرجەم فەرمانگەکان خزمەتخواز سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی پارێزگاکەی / بەشی فێرکردنی پێشەیی دەکاتەوە، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی نوسراوەکانی ڕەزامەندی.

دواتر هەر لە بەشی فێرکردنی پیشەیی نوسراو وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە ئامادە دەکرێت و بە شێوازی ئەلیکترۆنی دەنێردرێت بۆ وەزارەتی پەروەردە، خزمەتخواز دەتوانێت لە ڕێی ئەم لینکەی خوارەوە بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی بەدواداچوون بۆ خزمەتەکەی بکات کە

گەیشتەوتە کێندەر،. دوای تەواوبوونی سەرجەم ڕێکارەکانی هەر لە ڕێگای ئەم لینکەوە خزمەتخواز ئاگادار دەکرێتەوە کە سەردانی بەریوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی دەکاتەوە بە مەبەستی دانی ڕسوماتی مۆڵەتەکە.

خزمەتخواز سەردانی وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی دەکات، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی نوسراوەکان.

خزمەتخواز سەردانی ژووری بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی پیشەیی دەکات، بە مەبەستی هاموش لەسەر نوسراوەکە، لە ڕێگای بەریدی وەزارەت نوسراوەکە دەچێتە نوسینگەی وەزیر، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری پەروەردە.

خزمەتخواز سەردانی ژووری بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی دەکاتەوە، بە مەبەستی وەرگرتنی دیاریکردنی بڕی ڕسوماتەکە.

سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی وەزارەتی پەروەردە دەکات، بە مەبەستی دانی ڕسوماتی دیاریکراو.

سەردانی بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی پسولەی دارایی.

خزمەتخواز لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەک لە ڕێگای تەلەفۆن ئاگادار دەکرێتەوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەی بکات، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی فەرمانی وەزاری پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگاکەی و دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆی.

فۆرمی داواکاری

فۆرمی پێداویستی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی

C:\Users\Hp\Downloads\پیداویستی پیدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی.pdf

فۆرمی زانیاری پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی

C:\ Us e r s \ Hp\ Downl oads \ فۆڕمی زانیاری پەیمانگای فیرکردنی پیشەیی ئەهلی. pdf

یاسا و ڕێنمایی

ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی (ئەهلی) بە پێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمان

C:\ Us e r s \ Hp\ Downl oads \ ڕینمایی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی (ئەهلی)بە پیی یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمان. pdf

واژوو کراوە لەلایەن

وەزیری پەروەردە

بەڕێوەبەری یاسایی

بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی